**كۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**Kurdistan National Congress (KNC)**

**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**

**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**

## هاونیشتمانانی هێژا!

## گەلی قارەمان و خۆڕاگری کورد!

هەروەک ئاگادارن، .2010.8.19 هاوکاتە لە گەڵ یادی 31 ساڵەی فتوای جیهادی ئایەتوڵلا خومەینی. لە ماوەی 31 ساڵی ڕابردوودا ڕژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێڕەویکردن لە سیاسەتی داگیرکاری و دژ بە ئازادی، هەموو مافەکانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی گەلی کوردی پێشێل کردووە. دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئێرانەوە شەهید کراون، دارایی و سامانی کوردەواری بەتاڵان براوە و کوردستان لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە بە دواکەوتوویی هێڵراوەتەوە.

لە بارودۆخی ئەمڕۆی سیاسی جیهاندا، ڕژێمی ئێران بەرەوڕووی گوشارێکی نێونەتەوەیی بووەتەوە. پتر لە هەر کات و زەمانێکیتر ئەگەری هێرش بۆ سەر ڕژێمی ئێران چاوەڕوان دەکرێ. نەگونجانی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە گەڵ دنیای ئازاد و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، دنیای هێناوەتە سەر ئەم بڕوایە کە ئەم ڕژێمە دەبێ لە نێو ببرێت.چونکە مانەوەی هەرچی زیاتری ڕژێمی ئیسلامی ئێران جگە لە وەی کە پەرە بە ئاڵۆزی و ئاژاوەی زیاتر لە ناوچە و جیهاندا دەدات، بەڵکو زیانی گەورەش لە بەرژەوەندی و ئاسایشی ولاتانی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی ناوین بە تایبەتی دەگەیینێت.

ئەم دۆخە سیاسییە نوێیە، لە تێکرای سیاسەتوانان و ڕیکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەخوازێ بە تەبایی و یەکگرتن و دارشتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی بەرەوپیری

ڕووداوەکانی داهاتوو بچن کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن. ئەمە تاکە وەرامێکی بەجێ و نەتەوەیی دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و داخوازییەکانی لەمێژینەی نەتەوەکەمان.

**لە یادی 31 ساڵەی فتوا بەدناوەکەی ئایەتوللا خومەینی خوێنڕێژدا، هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

18.8.2010


KNC
P.B. 205 Holmlia
(1204 Oslo, Norway

www.rojavatv.org.uk
post@kncsite.com
www.kncsite.com

knc@ribrahim.de
jeerkamil@yahoo.com
0044- 208 748 78 74